


# رۆژووگرتن
# بە گوێرەی کتێبی پیرۆز

جۆزێف کاڕۆڵ

English - کوردی

# FASTING
## ACCORDING TO THE BIBLE

Joseph Carroll

# ڕۆژووگرتن بە گوێرەی کتێبی پیرۆز

نووسەر: جۆزێف کاڕۆڵ

جۆزێف کاڕۆڵ یەکێکە لە

پیرەکانی کڵێسای ئیمانوێلی ئینجیلی لە هەولێر

٢٠٢٦ چاپکراوە لە هەولێر

ژمارەی سپاردن: ٢٦٨

هەموو ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز لە چاپی کتێبی پیرۆز وەشانی کوردیی سۆرانی ستاندەر (KSS) وەرگیراوە. مافی چاپکردنی لە لایەن ڕێکخراوی ببلیکاوە پارێزراوە (١٩٩٨، ٢٠١١، ٢٠١٦، ٢٠٢٠).

دڵسۆزی

دابینکردنی سەرچاوە بۆ یارمەتیدانی باوەڕداران و کڵێساکان بۆ ژیان بە دڵسۆزی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز

# ناوەڕۆک

پێشەکی ........................................................................................ 3
ڕۆژووگرتن چییە؟ ................................................................................ 4
ڕۆژوو دەگرین لەبەر خۆشەویستیمان، نەک لەبەرئەوەی کە واجبە .......... 9
ڕۆژووگرتن بەبێ تۆبەکردن و بێفیزی بێ مانایە ..................................... 13
ئامانجەکانی ڕۆژووگرتن ........................................................................ 17
چۆنیەتی ڕۆژووگرتن ............................................................................ 26

# پێشەکی

ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە لە وتارێکەوە هاتووە کە لە مانگی چواری ٢٠٢٥ لە کڵێسای ئیمانوێڵی ئینجیلی پێشکەشکراوە. هەفتەیەک پێش هەینی پیرۆز ئەم وتارەم پێشکەش کرد، چونکە داوام لە کڵێسا کرد لە ڕۆژی هەینی باشدا بەڕۆژوو بن وەک جۆرێک لە پەرستش و وەبیرهێنانەوەی ئازارەکانی مەسیحیش بۆ ئێمە. بۆیە وتارێکم پێشکەش کرد سەبارەت بە ڕۆژوو بۆ ئەوەی یارمەتی گەلی پیرۆزی خودا بدەم لە کڵێسای ئیمانوڵی ئیبنجیلی تا بنەماکانی ئینجیل بزانن سەبارەت بە ڕۆژووگرتن.

هەروەها بۆ زۆرێک لە کوردەکان ڕۆژوو بەشێکە لە ژیانیان. هەموو ڕەمەزانێک خەڵکێکی زۆر بەڕۆژوو دەبن. بەڵام ئەم ڕۆژووە زۆر جیاوازە لەو ڕۆژووەی کە لە کتێبی پیرۆزدا باسکراوە. لە ڕەمەزاندا زۆر کەس پرسیارم لێ دەکەن سەبارەت بە رۆژووگرتن بەپێی کتێبی پیرۆز. ئەم نامیلکەیە بۆ ئەوە نووسراوە تا یارمەتی باوەڕداران بدات لە مەبەستەکانی خودا لە رۆژووگرتن تێبگەن و بتوانن بەپێی ویستی ئەو بەڕۆژوو ببن. لە خوا دەپاڕێمەوە کە گەلە پیرۆزەکەی لە نێو کوردەکاندا لە ڕێگەی ڕۆژوو و نزاکردنەوە ڕوو لە پەروەردگار بکەن و داوای لێبکەن ویستەکانی خۆی بەدیبهێنێت بۆ ژیانیان.

# بەشی یەکەم

## ڕۆژووگرتن چییە؟

کاتێک بیر لە باوەڕدارێک دەکەینەوە کە پێگەیشتووە و بۆ خودا دەژییێت، بیر لە کەسێک دەکەینەوە کە هەفتانە دەچێتە کڵێسا، زۆر ئایەت لەبەر دەکات، مزگێنی دەدات بەوانی تر و خەڵک فێر دەکات. ئەم شتانە باشن، بەڵام ئایا گرنگی بە ڕۆژووگرتن دەدەین؟ بەڕۆژووبوون کردارێکی ئینجیلیە کە زۆر باوەڕدار و کڵێسا پشتگوێی دەخەن، سەرەڕای ئەوەی کە کتێبی پیرۆز زۆر باسی ڕۆژووگرتن دەکات.

باوەڕم وایە کە ڕۆژووگرتن زۆر گرنگە بۆ گەشەکردن لەگەڵ خودا. بۆ؟ چۆنکە لەم جیهانەدا، زۆر شت هەن کە بە ئاسانی دامانده‌ڕن لە خودا. بۆ نموونە، مۆبایل هەمیشە لەگەڵمانە و بانگمان دەکات بۆئەوەی سەیری بکەین. هەمووومان بە جۆرێک سەرقاڵین کە بۆمان قورسە تەنها ١٥ خولەکێک بێ دابڕان نوێژ بکەین. زۆر سوودبەخش دەبێت ئەگەر بتوانین کاتی تایبەت تەرخان بکەین بە نوێژکردن بۆ ڕووکردنە خودا بەبێ دابڕان و لاچوونی تەرکیزمان. گرنگە باوەڕداران فێربن چۆن زاڵ بن بەسەر خواست و ویستی دونیایی، هەروەها بزانن کە خۆشی ڕاستەقینە لەلای یەزدانەوەیە. ڕۆژووگرتن نوێژکردن و ڕووکردنە خودامان بەهێز دەکات.

ڕۆژووگرتن بریتییە لە خۆ گرتنەوە لە خواردن بۆ کاتێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی بە دڵگەرمییەوە ڕوو لە خودا بکەین بە نوێژکردن بۆ ئامانجێکی خوایی. دەکرێ ڕۆژووگرتن تەنها وازهێنان لە خواردن و خواردنەوە نەبێت، بەڵکو خۆگرتنەوە بێت لە شتی تریش، وەک سۆشیال مێدیا، جگەرەکێشان، تەلەفزیۆن بۆ کاتێکی دیاریکراو وەک هەفتەیەک یان مانگێک. چەند باوەڕدارێک دەناسم کە وەک شێوازێک لە ڕۆژووگرتن وازیان لە سۆشیال مێدیا دەهێنا بۆ مانگێک، چونکە پێیان وابوو کە سۆشیال میدیا بووەتە بتێک بۆیان، واتە شتێک کە زیاتر لە خودا گرنگی پێ دەدەن و لەجیاتی نزیککردنەوەی زیاتریان لە خودا، لە ئارەزووە دونیاییەکان نزیکتریان دەکاتەوە. وازهێنان لەو جۆرە شتانە، وەک جگەرەکێشان و سۆشیال میدیا، لە پێناو گەشەکردنی زیاتر لەگەڵ مەسیح شتێکی تا بڵێی باشە. بۆیە هانت دەدەم بیر لەوە بکەیتەوە کە چ شتێک هەیە لە ژیانتدا بووەتە بت و کاتت بەفیرۆ دەدات و ڕێگریت لێ دەکات بۆ خودا بژیت. واز لەو شتە بهێنە و لە جێی ئەو شتێکی تر دابنێ کە جێی ڕەزامەندی خودا بێت.

کاتێک کتێبی پیرۆز باسی ڕۆژووگرتن دەکات، مەبەستی خۆگرتنەوەیە لە خواردن. بۆیە لەم نامیلکەیە تەرکیز دەکەینە سەر ئەو مەبەستەی کتێبی پیرۆز. واتە ڕۆژووگرتن بریتییە لە خۆگرتنەوە لە خواردن بۆ کاتێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی بە

دڵگەرمییەوە روو لە خودا بکەین بە نوێژکردن، بۆ ئامانجێکی خوایی.

ڕۆژووگرتن لە زۆر ئایینی دیکەش هەیە. بەڵام لەلای زۆرینەی ئەوان ڕۆژووگرتن بۆ پاککردنەوەی خۆیانە لە گوناە. یانیش دەڵێن کە ڕۆژووگرتن بۆ نزیکردنەوەی خۆیانە لە خودا بۆ ئەوەی خودا پاداشتیان بداتەوە. ئەمە وەک بازرگانییەک وایە، واتە تۆ کارێک بۆ خودا دەکەیت تا لەبەرامبەریدا زیاتر وەربگری. بەڵام بە پێی کتێبی پیرۆز، ڕۆژووگرتن بەم شێوەیە نییە. ئێمە ڕۆژوو ناگرین بۆ ئەوەی خۆمان لە گوناە پاک بکەینەوە و پاداشت لە خودا وەربگرین.

مزگێنی مەسیح دەڵێت کە مەسیح خۆی، بە خوێنەکەی خۆی، ئێمەی پاککردۆتەوە لە گوناە و دەمانباتەوە لای خودا بە ژیان و مردن و زیندووبوونەوەکەی. گوناهەکانی مرۆڤ، کە لە سرووشتی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، مرۆڤی لە خودا دوورخستۆتەوە. هەر بۆیە لەبەر ئەو گوناهانە تووڕەیی خودا لەسەرمانە. بۆیە گرنگترین پرسیارێک بۆ ئێمە ئەوەیە: چۆن لە گوناە و تووڕەیی خودا ڕزگار ببین و ئاشت ببینەوە لەگەڵ خودا؟

وەڵامەکە، ڕۆژووگرتن و هاتنە کڵێسا و بەخشینی پارە بە هەژاران نییە، بەڵکو باوەڕهێنانە بە عیسای مەسیح. ڕۆما ٤: ٢٥ و ٥: ١ دەڵێت:

ئەوەی لە پێناوی گوناهەکانمان بە گرتن درا و لە پێناوی بێتاوانکردنمان هەستێنرایەوە. کەواتە، لەبەر ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان کراوین، لە ڕێگەی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە لەگەڵ خودا ئاشتیمان هەیە.

ئەمە دەبینیت؟ خودا بە نیعمەتەکەی لە ڕێی مەسیحەوە پاکمان دەکاتەوە لە گوناە. واتا کاتێک دەزانین کە دوورین لە خودا و شایەنی دۆزەخین لەبەر گوناهەکانمان و دەمانەوێ لە دۆزەخ و کۆیلایەتی گوناە ڕزگار بین، دەبێت چی بکەین؟ تۆبە دەکەین و باوەڕ بە مەسیح دەهێنین. گوناهەکانمان دەبەینە لای مەسیح و خاچەکەی. ئەویش لەبەرامبەر ئەوەدا ڕاستودرووستییەکەی خۆمان پێ دەدات و پاشانیش وەک دەرخستنی خۆشەویستی و سوپاسگوزاریمان بۆ خودا، بۆ خودا دەژین.

خودا بە نیعمەتەکەی دڵمان دەکاتەوە بۆ باوەڕهێنان بە مەسیح. خودا بە نیعمەتەکەی بەهێزمان دەکات بۆ تۆبەکردن. خودا بە نیعمەتەکەی ڕایدەگەیەنێت کە بێتاوانین و ژیانی هەتاهەتاییمان پێ دەبەخشێت کە وەک دیارییەکی خودایی وایە لەبەر ڕاستودرووستی مەسیح، نەک لەبەر ڕاستودرووستی خۆمان، نەک لەبەر ڕۆژوگرتنمان. کتێبی پیرۆز لە ڕۆما ٥: ٨ دەڵێت، "بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستین، بەوەی مەسیح لە پێناوی ئێمەدا

مرد، کاتێک هێشتا گوناهبار بووین." کەی مەسیح لە پێناوی ئێمەدا مرد؟ دوای ئەوەی کە وازمان لە گوناه هێنا و ژیانی خۆمان چاک کرد؟ نەخێر. ئەی ئایەتەکە چ دەڵێت؟ کاتێک گوناهباربووین. واتا پێش ئەوەی کە ئێمە مەسیحمان خۆشبوێت، مەسیح خۆشی ویستووین و هاتە جیهان بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات، چونکە ناتوانین بە توانای خۆمان، خۆمان ڕزگار بکەین.  ئەمە کرۆکی مزگێنییەکەی مەسیحە.

بۆیە بە گوێرەی کتێبی پیرۆز، بە رۆژووگرتن ناتوانین خۆمان لە خودا نزیک بکەینەوە، بەڵکو لە ریگەی رۆژووگرتنەوە دەمانەوێ رووبکەینە ئەو خوایەی کە ئێمەی لەخۆی نزیک کردۆتەوە لە رێگەی مەسیحەوە. بۆ ئەوە رۆژووناگرین بۆ ئەوەی ببینە رۆڵەی خودا، بەڵکو لەبەرئەوە رۆژوو دەگرین، چونکە بووینەتە رۆڵەی خودا لە رێی وەرگرتنی مەسیح و نیعمەتەکەی. بۆیە ئێمەی باوەڕداران، واتا ئێمەی ڕۆڵەکانی خودا، ڕۆژوو دەگرین بە ڕووکردنە ئەو خودایەی کە ڕزگاری کردووین و خۆشی دەوێین.

ئێستا ئەوە دەزانین کە ڕۆژوو چییە. بەڵام با ئێستا بپرسین کە بەپێی کتێبی پیرۆز بۆچی بە ڕۆژوو دەبین؟ ئەمە دەمانباتە بەشی دووەمی ئەم نامیلکە.

## بەشی دووەم

## ڕۆژوو دەگرین لەبەر خۆشەویستیمان، نەک لەبەرئەوەی کە واجبە

لە پەیمانی نوێدا هیچ ئایەتێک نییە فەرمانمان پێ بکات بە ڕۆژوو بین. هەروەها پەیمانی نوێ زۆر مەرج و ڕێنماییمان پێ نادات لەبارەی چۆنیەتی ڕۆژووگرتن. بۆ نموونە ناڵێت ئەو مانگە بەڕۆژوو بن، یان ئەو کاتە دەست پێ بکەن و ئەو کاتەش کۆتایی پێ بهێنن، ناڵێت چی بخۆین و چی نەخۆینەوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ڕۆژووگرتن بەپێی کتێبی پیرۆز گرنگ نییە. با سەیری مەرقۆس ٢: ١٨ - ٢٠ بکەین.

[١٨]کاتێک قوتابییەکانی یەحیا و فەریسییەکان بەڕۆژوو بوون، چەند کەسێک هاتنە لای عیسا و لێیان پرسی: «بۆچی قوتابییەکانی یەحیا و قوتابی فەریسییەکان بەڕۆژوو دەبن، بەڵام قوتابییەکانی تۆ بەڕۆژوو نابن؟» [١٩]عیساش پێی فەرموون: «ئایا بانگهێشتکراوانی زەماوەند دەتوانن بەڕۆژوو بن کاتێک زاوا لەگەڵیاندایە؟ هەتا زاوا لەگەڵیاندا بێت ناتوانن

بەڕۆژوو بن. [٢٠] بەڵام ڕۆژێک دێت کە زاواکەیان لێ دوور
دەخرێتەوە، ئەوسا لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن.

چەند کەسێک پرسیار لە مەسیح دەکەن، "بۆچی قوتابییەکانی یەحیا و قوتابی فەریسییەکان بەڕۆژوو دەبن، بەڵام قوتابییەکانی تۆ بەڕۆژوو نابن؟" لە ئایەتی ١٩، مەسیح وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت کە بانگهێشتکراوانی زەماوەند بەڕۆژوو نابن کاتێک زاواکە لەگەڵیانە. بە بەکارهێنای نموونە و وشەی زاوا، مەسیح باسی کێ دەکات؟ واتا زاواکە کێیە؟ خۆیەتی. مەسیح زاواکەیە.

لەبەرئەوە قوتابییەکانی بەڕۆژوو نەدەبوون کاتێک مەسیح لەگەڵیان بوو. بەڵام لە ئایەتی ٢٠ مەسیح دەڵێت، "ڕۆژێک دێت کە زاوایان لێ دوور دەخرێتەوە، ئەوسا لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن." واتا ڕۆژێک دێت کە شوێنکەوتووانی مەسیح دەبێت بەڕۆژوو بن. بەڵام ئەو کاتە کەیە؟ کاتێک زاواکەیان لێ دوور دەخرێتەوە. ئەمە مانای چییە؟ لەخاچدانی عیسای مەسیح و بەرزبوونەوەی مەسیحە بۆ ئاسمان. واتا دوای ئەوەی کە مەسیح لەم دونیایە دەڕوات، شوێنکەوتووانی بەڕۆژوو دەبن. دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش مەسیح بەرزبووەوە بۆ ئاسمان، بە جەستە لێمان دورخراوەتەوە. بۆیە بە گوێرەی راسپاردەی عیسای مەسیح دەبێت لەمڕۆدا چی

بکەین؟ دەبێت بەڕۆژوو بین. بەڵێ، بەپێی فەرموودەی مەسیح، ئەمڕۆ کاتی ڕۆژووگرتنە.

هەروەها با بچینە سەر مەتا ٦ بۆ ئەوەی گرینگی بەڕۆژووبوون ببینین بەپێی کتێبی پیرۆز. سەیری مەتا بەشی ٦ ئایەتی ٢ بکە. دەڵێت، "لەبەر ئەوە کاتێک خێرێک دەکەیت...". لێرەدا پرسیارێک هەیە، خێرکردن شتێکی باشە؟ گرنگە؟ بەڵێ، بێگومان. هەروەها سەیری ئایەتی ٥ بکەن. دەڵێت، "کاتێک نوێژ دەکەن..." دیسان پرسیارێک هەیە، نوێژکردن گرنگە و شتێکی باشە؟ بەڵێ، بێگومان. ئێستاش سەیری ئایەتی ١٦ بکەن، مەسیح چی دەفەرموێ: "کاتێک بەڕۆژوو دەبن..." ئەمە دەبینیت؟ دەبینیت وەک چۆن خێرکردن و نوێژکردن گرنگە، بەهەمان شێوە رۆژووگرتنیش گرنگە. راستە هیچ ئایەتێک راستەوخۆ ناڵێت، "رۆژوو بگرن،" بەڵام نابێت ئازادیشمان بقۆزینەوە بۆ ئەوەی رۆژوو نەگرین. چونکە روونە کە بەپێی فێرکاری عیسای مەسیح کە بەڕۆژووبوون زۆر گرنگە.

بۆ نموونە، من و خێزانم، سێ منداڵمان هەیە. زۆر میوانمان دێ. سەرقاڵین. بەڵام هەندێکجار قورسە بەبێ دابڕانی کورت کورت بۆ کاتێکی درێژ لەگەڵ یەکتری قسە بکەین. بۆیە جار جار گرنگە کە کات تەرخان بکەین بۆ یەکتری و لەگەڵ یەکتری دەربچین بەبێ منداڵ و تەلەفۆنیشمان وەلاوە بنێین بۆ ئەوەی گرنگی بە یەکتری بدەین لەم کاتە تایبەتەدا.

بۆ ئەوە دەکەین؟ لەبەرئەوەی کە واجبە و یاسایەک هەیە ناچارمان دەکات؟ نەخێر. بەڵکو لەبەرئەوەی کە یەکتریمان خۆش دەوێ و دەمانەوێ لەگەڵ یەکتری بین و بە یەکەوە گفتگۆ بکەین. بە هەمان شێوە، رۆژووگرتنیش وایە، ئێمە بۆ ئەوە بەڕۆژوو نابین لەبەر ئەوەی واجبە و یاسایەک ناچارمان دەکات، بەڵکو دەمانەوێ خۆمان تەرخان بکەین بۆ خودا بە نوێژکردن بەبێ ئەوەی تەرکیزمان لابچێت.

ئێستا کە دەزانین ڕۆژوو چییە و بۆچی ڕۆژوو دەگرین، بەڵام با ئێستا ئەوەش بپرسین کە دەبێت بە چ دڵێکەوە بەرۆژوو بین، دەبێت دڵمان چۆن بێت لە ڕۆژووگرتن؟ ئەمە دەمانباتە بەشی سێیەم.

## بەشی سێیەم

## ڕۆژووگرتن بەبێ تۆبەکردن و بێفیزی بێ مانایە

یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی کتێبی پیرۆز لەبارەی بەڕۆژووبوون ئەمەیە: ئیشایا ٥٨: ١-٧. با ئەم ئایەتانە بخوێنینەوە بۆ ئەوەی بنەمایەکی گرنگ لە بەڕۆژووبوون فێر بین.

١«پڕ بە گەرووت هاوار بکە و مەیگەڕێنەوە،
وەک کەڕەنا دەنگت بەرز بکەوە!
یاخیبوونەکەی گەلەکەم بە خۆیان ڕابگەیەنە،
گوناهەکانی بنەماڵەی یاقوبیش بە خۆیان.
٢ڕۆژ بە ڕۆژ داوای من دەکەن و
خۆیان وا دەردەخەن کە بە پەرۆشن بۆ زانینی ڕێگاکانم،
وەک نەتەوەیەک ڕاستودروستی ئەنجام دابێت و
حوکمەکانی خودای خۆیان پشتگوێ نەخستبێت.
داوای حوکمەکانی ڕاستودروستیم لێ دەکەن و
خۆیان وا دەردەخەن کە بە پەرۆشن بۆ نزیکبوونەوە لە خودا.
٣دەڵێن: ”بۆچی بەڕۆژوو بووین و سەیرت نەکردین،
خۆمان زەلیل کرد و پێت نەزانین؟“
«وا لە ڕۆژی بەڕۆژبوونتان خۆشی دەبینن و
هەموو کرێکارەکانتان دەچەوسێننەوە.

٤وا سەرئەنجامی ڕوژووگرتنتان دەبێتە شەڕ و ناکۆکی،
بە خراپە مست لە یەکتری دەوەشێنن.
ئەمڕۆ ناتوانن بەڕۆژوو بن و
چاوەڕێ دەکەن لە ئاسمان دەنگتان ببیسترێت.
٥ئایا ئەمە ئەو ڕۆژووەیە کە من دەمەوێت؟
مرۆڤ تەنها ڕۆژێک گیانی خۆی زەلیل دەکات،
وەک زەل سەری دادەنەوێنێت و
لەسەر گوش و خۆڵەمێش ڕادەکشێت؟
ئایا ئەمە ناو دەنێیت ڕۆژوو،
یان ڕۆژێکی پەسەند لەلای یەزدان؟
٦«ئایا ئەمە ئەو ڕۆژووە نییە کە من دەمەوێت:
کۆتی ستەمکاری بکرێتەوە و
گرێیەکانی نیر شل بکرێنەوە،
چەوساوەکان بەڕەڵا بکرێن و
هەموو نیرێک بشکێنن؟
٧ئایا ئەوە نییە کە نانی خۆت بۆ برسی لەت بکەیت و
هەژارە بێ لانەکان ببەیتەماڵەوە،
کە ڕووتێکت بینی پۆشتەی بکەیت و
خۆت لە خزمەکانی خۆت نەشاریتەوە؟

لەم ئایەتانەدا، گەلی ئیسڕائیل بەڕۆژوو دەبوون و داوایان لە خودا دەکرد بەرەکەتداریان بکات. بەڵام سەیری کۆتایی ئایەتی دوو بکەن، دەڵێت، "خۆیان وا دەردەخەن کە بە پەرۆشن بۆ نزیکبوونەوە لە خودا." تەنها خۆیان دەردەخست کە بەپەڕۆش بوون بۆ خودا، بەڵام بەڕاستی پەرۆش نەبوون. تەنها پەرۆشی وەرگرتنی خێر و پاداشتی خودا بوون.

لە ئایەتی ٣، جولەکەکان پرسیار لە خودا دەکەن و بە خودا دەڵێن، "بۆچی بەڕۆژوو بووین و سەیرت نەکردین، خۆمان زەلیل کرد و پێت نەزانین" بەڵام وەڵامی خودا چ بوو؟ سەیری کۆتایی ئایەتی ٣ بکەن. خودا دەفەرمووێت، "وا لە ڕۆژی بەڕۆژوبوونتان خۆشی دەبینن." واتا هەر شتێک کە دەیانویست بیکەن، دەیانکرد بۆ بەرژەوەندی خۆیان، گرنگیان بە فەرمانەکانی خودا نەدەدا و ئارەزووی دونیایی خۆیان تێر دەکرد. هەروەها، ئایەتی ٣ دەڵێت، "هەموو کرێکارەکانتان دەچەوسێننەوە." واتا جولەکەکان بەردەوام دەبوون لەسەر گوناه بەبێ تۆبەکردن بە ستەمکردن لە کرێکارەکانیان. واتا مافی کرێکارەکانیان نەدەدا.

سەیری کۆتایی ئایەتی ٤ بکەن. خودا دەفەرمووێت، "ئەمڕۆ ناتوانن بەڕۆژوو بن و چاوەڕێ دەکەن لە ئاسمان دەنگتان ببیسترێت." واتا خودا گرنگی بە رۆژووگرتنیان نەدەدا، گوێی لە پاڕانەوەکانیان نەدەگرت. بۆچی؟ لەبەرئەوەی گوێڕایەڵی خودایان

نەدەکرد. پێیان وابوو کە دەتوانن ڕۆژوو بگرن و خودا بەرەکەتداریان بکات لەبەر بەڕۆژووبوونیان، سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام دەبوون لەسەر گوناه و دڵیان لەلای خودا نەبوو.

ئەم بنامەیە گرنگە چییە کە لەم ئایەتانەوە فێری دەبین؟ بە بەڕۆژووبوون ناتوانین خودا ناچار بکەین پاداشتمان بداتەوە. بەڕۆژووبوون ئامرازێک نییە بۆ ناچارکردنی خودا تا شتێکی باشت بۆ بکات. نەخێر. خوا دەیەوێت لە قوڵایی دڵمانەوە خۆشمان بوێت و گوێڕایەڵی بین. خودا قوڵایی دڵمان دەبینێت. خودا دڵی ئێمەی دەوێت نەک ڕۆژووگرتنێکی نەریتانە بەبێ خۆشویستنی و گوێڕایەڵبوونی.

ڕۆژووگرتن بەبێ تۆبەکردن و بێفیزی بێ مانایە. ئەگەر دەتەوێ ڕوو لە خودا بکەیت بە ڕۆژووگرتن و بەردەوامیش بیت لەسەر گوناە بە دڵخۆشییەوە، ئەوا بزانە کە خودا ئەو ڕۆژووەی ناوێت. لێرەدا گرنگترین شت بەڕۆژووبوون نییە، بەڵکو تۆبەکردنە.

# بەشی چوارم

# ئامانجەکانی ڕۆژووگرتن

له کتێبی پیرۆزدا زۆر نموونەی رۆژووگرتن هەیە. لەم نموونانەدا، خەڵک بەڕۆژوو دەبن بۆ ئامانجی جیاواز. بەڕاستی زۆر نموونەی ڕۆژووگرتن هەیە لە کتێبی پیرۆز و لەم نامیلکەدا ناتوانم باسی هەموویان بکەم، بەڵام با سەیری هەندێک نموونەی گرنگ بکەین کە ئامانجەکانی ڕۆژووگرتن پیشان دەدەن. لەم نموونانەوە دەردەکەوێت کە رۆژوو بۆ سێ ئامانجی سەرەکی دەگیرێت.

**ئامانجی ١ - رۆژووگرتن بۆ مەبەستی تۆبەکردن**

یەکەم ساموئێل بەشی ٤ - ٦ باسی گەلی ئیسڕائیل دەکات کە چۆن گوناهیان کردبوو بەرامبەر خودا. بۆیە پێغەمبەر ساموئێل لە یەکەم ساموئێل ٧: ٢-٦ گەلی خودای بانگ دەکات بۆ ئەوەی تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا. با ئەو ئایەتانە بخوێنینەوە...

[٢] ئەوە بوو لە ڕۆژی داگرتنی سندوقەکەوە لە قیریەت یەعاریم، ماوەکە درێژەی کێشا و بیست ساڵی خایاند، هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل لەبەردەم یەزدان بە لاوانەوەوە نزایان دەکرد. [٣]ساموئێل بە هەموو بنەماڵەی ئیسرائیلی

گوت: «ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بە هەموو دڵتانەوە بگەڕێنەوە بۆ لای یەزدان، ئەوا ئەو خوداوەندە بێگانانە و عەشتۆرەتەکان لەنێو خۆتان دووربخەنەوە و دڵتان بۆ یەزدان ئامادە بکەن و تەنها ئەو بپەرستن، ئەویش لە دەست فەلەستییەکان فریاتان دەکەوێت.» ٤نەوەی ئیسرائیلیش بەعلەکان و عەشتۆرەتەکانیان دوورخستەوە و بە تەنها یەزدانیان پەرست.

٥ئینجا ساموئێل گوتی: «هەموو ئیسرائیل لە میچپا کۆبکەنەوە هەتا لە پێناوی ئێوە لە یەزدان بپاڕێمەوە.» ٦ ئەوانیش لە میچپا کۆبوونەوە، ئاویان کێشا و لەبەردەم یەزداندا ڕشتیان، لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو بوون، لەوێ گوتیان: «ئێمە گوناهمان لە دژی یەزدان کردووە.» ساموئێل لە میچپادا ڕابەرایەتی نەوەی ئیسرائیلی کرد.

بەپێی ئایەتی ٦ بۆچی بەڕۆژوو دەبوون؟ بۆ دانپێدانان بە گوناهەکانیان. لە ڕێگەی ڕۆژووگرتنیان دەیانویست پەشیمانی و تۆبەی خۆیان رابگەیەنن بە خودا. خودا پاک و پیرۆزە و ڕقی لە گوناە دەبێتەوە. بۆیە ئەگەر ئێمە بەپەرۆشبین بۆ ڕووکردنە خودا، دەبێت بەپەرۆشی و بە جددییەوە دووربکەوینەوە لە گوناە. وەک چۆن خودا لە ڕێی پێغەمبەر ساموئێل گەلی ئیسرائیلی بانگکرد بۆ

ئەوەی تۆبە بکەن، خودا ئێمەش بانگ دەکات بۆ ئەوەی تۆبە بکەین. ئازیزانم، چ گوناهێکت هەیە کە زۆر قورسە وازی لێ بهێنیت؟ هانت دەدەم بەرۆژوو بیت و لە خودا بپاڕێیتەوە بۆ ئەوەی بەهێزت بکات بۆ تۆبەکردن و وازهێنان لەم گوناهە.

لە کڵێساکەمان، هەموو مانگێک لە سەرەتای مانگەکە نان لەت دەکەین. نان لەتکردن دەرفەتێکی باشە بۆ پشکنینی دڵمان و تۆبەکردن. بۆیە دەکرێ مانگی جارێک بەڕۆژوو بیت پێش ڕۆژی نان لەتکردن بۆ ئەوەی بە دڵگەرمی تەرکیز بکەیتە سەر نوێژکردن و تۆبەکردن لە لووتبەرزی و ئیرەیی و هەوەسبازی و ... تادوایی. ڕۆژووگرتن مانگی جارک لە کاتی نانلەتکردن فێرمانی کتێبی پیرۆز نییە، بەس وەک پێشنیارێک وایە بۆ هەبوونی کاتێکی دیاریکراو و بەردەوام بۆ بە ڕۆژووبوون.

## ئامانجی ٢ - داواکردنی یارمەتی لە خودا لە دۆخێکی قورس و گرنگدا

سەیری عەزرا بکە بەشی ٨: ٢١-٢٣. جولەکەکان ٧٠ ساڵ بوو دەربەدەربووبوون و لەم ئایەتانەدا هاتووە کە خەریکی گەڕانەوە بوون بۆ ئۆرشەلیم بۆ ئەوەی پەرستگاکە بنیادبنێنەوە و دەست بە ژیانێکی نوێ بکەنەوە. ئایەتەکان دەڵێن...

[٢١]لەوێدا لەسەر نۆکەندی ئەهەڤا بانگەوازی ڕۆژووگرتنم ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی لەبەردەم خوداکەماندا ملکەچ بین و داوای ڕێگایەکی ڕاستی لێ بکەین بۆ خۆمان و منداڵەکانمان و هەموو ئەوەی هەمانە. [٢٢]پێم شەرم بوو داوای سەرباز و سوار لە پاشا بکەم، بۆ ئەوەی لە ڕێگاکەدا لە دوژمن بمانپارێزن، چونکە ئێمە بە پاشامان گوتبوو کە خودای ئێمە چاکە لەگەڵ ئەوانە دەکات کە پشتی پێ دەبەستن، زۆریش لەوە تووڕە دەبێت کە وازی لێ بهێنێت. [٢٣]جا بە ڕۆژوو بووین و ئەوەمان لە خودامان داوا کرد، ئەویش وەڵامی داینەوە.

بە پێی ئەو ئایەتانە بۆ چ مەبەستێک بەڕۆژوو دەبوون؟ بۆ گەڕانەوە بە سەلامەتی. ئەم سەفەرە کورت و ئاسان نەبوو. زۆر درێژ و مەترسیداربوو. هەزاران خەڵک، ژن و منداڵ و هەموو ئەوەی هەیانبوو دەگەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم. دەیانویست بە پاشاکە پیشان بدەن کە خودایان چاکە لەگەڵ ئەوانە دەکات کە پشتی پێ دەبەستن. بە میهرەبانی خودا، خودا وەڵامی پارانەوەی دانەوە و بە سەلامەتی گەیشتنە ئۆرشەلیم.

لە عەزرا ٨، دیارە کە گەلی ئیسرائیل لەوە تێگەیشتبوون کە سەلامەتیان لە دەست خودا دا بوو. لەوە تێگەیشتبوون کە خودا

توانای پاراستنی ئەوانی هەیە لە کاتی گەڕانەوەیان. پشتیان بە خودا دەبەست و دەیانزانی کە بایەخیان پێ دەدات. هاوڕێیانی باوەڕدارم، بزانە کە خودا بایەخت پێ دەدات. بە بەڕۆژووبوون، دەتوانین هەموو خەمێکمان بە خودا بسپێرین و پشتبەستنمان بە خودا پیشان بدەین. یارمەتیت خودات پێویستە لەبۆ شتێکی تایبەت؟ بەڕۆژوو بە و داوای یارمەتی لە خودا بکە.

هەروەها بڕوانە کردار ١٤: ٢٣ بۆ ئەوەی نموونەیەکی دی ببینیت کاتێک گەلی خودا بەڕۆژوو دەبوون بۆ داواکردنی یارمەتی لە خودا لە دۆخێکی گرنگدا. ئەم ئایەتانە باسی کۆتایی یەکەم گەشتی مزگێنیبردن دەکات لەلایەن پۆڵس و بەرناباس. لە گەشتەدا، پۆڵس و بەرناباس چووبوونە زۆر شار و پەیامی خودایان ڕاگەیاندبوو، لەبەرئەوە زۆر خەڵک باوەڕیان هێنابوو بە مەسیح. لە کردار ١٤: ٢١ - ٢٣ پۆڵس و بەرناباس دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شارانە کە خەڵک تێیدا بوونە باوەڕدار بۆ ئەوەی هانی ئەو باوەڕدارانە بدەن و ڕابەرانیش بۆ کڵێساکانیان دابنێن. ئەم ئایەتانە دەڵێن:

> ٢١ مزگێنییان بەو شارە دا و ژمارەیەکی زۆریان کردە قوتابی. ئینجا گەڕانەوە لیسترا و کۆنیا و ئەنتاکیا، ٢٢ ورەی قوتابییەکانیان بەرز دەکردەوە هانیان دەدان لە باوەڕ بچەسپێن: «پێویستە بە تەنگانەی زۆردا بچینە ناو شانشینی خودا.» ٢٣ لە هەر کڵێسایەک پۆڵس و بەرناباس

پیرانیان بۆ هەڵبژاردن، ئینجا بە ڕۆژووگرتنەوە نوێژیان کرد و پیرەکانیان دایە دەست مەسیحی باڵادەست کە باوەڕیان پێی هێناوە.

لەو ئایەتەدا بە روونی دەبینین کە پۆڵس و بەرناباس لە رۆژی دیاریکردنی پیرەکانی کڵێسا بەرۆژوو بوون. بۆچی؟ دیاریکردنی پیاوێک وەک پیری کڵێسا شتێکی گچکە نییە، زۆر گرنگە. پیر دەبێت ڕابەرایەتی گەلی خودا بکات بەپێی خواست و ویستی خودا. بێگومان پیرێک هێز و دانایی و یارمەتی خودای پێویستە بۆ ئەوەی بە باشی ڕابەرایەتی کڵێسا بکات. هەروەها پۆڵس و بەرناباس داناییان پێویستبوو بۆ ئەوەی بزانن کە کێ هەڵبژێرن وەک پیری کڵێسا. بێگومان، دەستنیشانکردنی پیرێک لە کڵێسادا شتێکی زۆر گرنگە، بۆیە دەیانویست بە زمانی بەرۆژوو داوای یارمەتی و بەرەکەت لە خودا بکەن بۆ پیر و کڵێساکان. بەگوێرەی نموونەی ئەم ئایەتانە زۆر کڵێسا لە مێژوودا ڕۆژوو ڕادەگەیەنن پێش دیاریکردنی پیری کڵێسا بۆ ئەوەی داوای یارمەتی لە خودا بکەن بۆ ئەو پیر و کڵێسایە.

ئەگەر ڕووبەڕووی دۆخ یان پێداویستیەکی گەورە ببیتەوە لە ژیانی خۆت یان لە ژیانی کڵێسادا، یان پێویستە بڕیارێکی گەورە لە ژیانت بدەیت، هانت دەدەم وەک عەزرا و پۆڵس و بەرناباس

ڕۆژووبگریت و داوای یارمەتی لە خودا بکەیت. ڕووکردنە خودا بە دڵگەرمییەوە لە ڕێگەی بەڕۆژووبوون، ڕێزگرتنە لەخودا چونکە پشتبەستنمان بە خودا ئاشکرا دەکات، بێگومان خوداش زۆر دڵشاد دەبێت کاتێک پشتی پێ دەبەستین.

**ئامانجی ٣ - پەرستنی خودا**

با سەیری کردار ١٣: ١-٣ بکەین بۆ ئەوەی ئامانجێکی تر ببینین بۆ ڕۆژووبوون. ئەم ئایەتانە باسی ئەو کاتە دەکات کاتێک کڵێسای ئەنتاکیا پۆڵس و بەرناباسی نارد بۆ مزگێنیدان و درووستکردنی کڵێسا. ئایەتەکان دەڵێن:

[١]لە کڵێسای ئەنتاکیادا چەند پێغەمبەر و مامۆستایەک هەبوون: بەرناباس، شیمۆنی ناسراو بە ڕەش، لوکیوسی کورێنی، مەنایینی شیربرای هێرۆدسی ئەنتیپاس پاشا، لەگەڵ شاول. [٢]کاتێک عیسای خاوەن شکۆیان دەپەرست و بەڕۆژوو بوون، ڕۆحی پیرۆز فەرمووی: «بەرناباس و شاولم بۆ تەرخان بکەن، بۆ ئەو کارەی بانگم کردوون بۆی.» [٣]ئینجا بەڕۆژوو بوون و نوێژیان کرد، دەستیان لەسەر دانان و بەڕێیانکردن.

کڵێسای ئەنتاکیا، خودایان دەپەرست و بەڕۆژوو دەبوون. لەم ئایەتەدا، هیچ ئامانجێکی تر بۆ رۆژووگرتن باس نەکراوە جگە لە پەرستنی خودا، واتا بە تەواوی تەرکیزکردن لەسەر مەزنێتی خودا و بەرز ڕاگرتنی شکۆکەی.

هەروەها بڕوانە لۆقا ٢: ٣٦-٣٧ بۆ ئەوەی نموونەیەکی تر ببینین لە ڕۆژوگرتن بۆ ئامانجی پەرستنی خودا. لە کاتی لەدایکبوونی مەسیح، پێغەمبەرێکی ژن هەبوو بە ناوی ئانا. با ئەو ئایەتانە بخوێنینەوە...

[٣٦]پێغەمبەرێکی ژن هەبوو بە ناوی ئانای کچی پەنوئێل لە هۆزی ئاشێر. زۆر بە ساڵدا چوو بوو، لەدوای شووکردنی تەنها حەوت ساڵ لەگەڵ مێردەکەی ژیابوو، [٣٧]پاشان بە بێوەژنی مابووەوە و تەمەنی گەیشتبووە هەشتا و چوار ساڵ. پەرستگای بەجێ نەدەهێشت، شەو و ڕۆژ بە نوێژ و ڕۆژوو خودای دەپەرست.

لای ئانا رۆژووگرتن شێوازێک بوو بۆ پەرستنی خودا. بەڵام تێبینی ئەمە بکە، ئانا جگە لە رۆژووگرتن چیتریشی دەکرد؟ ئایەتی ٣٧ دەڵێت کە نوێژیشی دەکرد.

بزانە کە لە هەموو ئەم ئامانجانەی رۆژووگرتن، واتە بۆ تۆبەکردن و داواکردنی یارمەتی لە خودا لە دۆخی قورس و گرنگ

و پەرستنی خودا، نوێژیش هەبووە، واتە نوێژ و ڕۆژوو پەیوەست بوون بە یەکتری. لە کتێبی پیرۆز زۆرینەی نموونەکانی ڕۆژووگرتن بەستراونەتەوە بە نوێژکردن. بۆیە ئەگەر بەڕۆژوو دەبیت بۆ هەر مەبەستێک، وەک تۆبەکردن، داواکردنی یارمەتی لە خودا لە دۆخی سەخت، یان پەرستنی خودا، گرنگە کە بە نوێژکردن لەگەڵ ڕۆژووگرتن رووبکەیتە خودا. ئێمەی باوەڕدار، لەبەر ئەوەی کە یەکبووینە لەگەڵ عیسای مەسیح، کوڕی خۆشەویستی خودا، دەتوانین بە متمانەوە نوێژ بکەین بۆ خودای باوکمان. یەکەم پەترۆس ١٢:٣ دەڵێت، "چونکە چاوی یەزدان لەسەر ڕاستودروستانە و گوێی لە پاڕانەوەکانیان ڕاگرتووە. بەڵام ڕووی یەزدان لە دژی خراپەکارانە."

ڕۆژووگرتن بریتییە لە خۆ گرتنەوە لە خواردن بۆ کاتێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی بە دڵگەرمییەوە روو لە خودا بکەین بە نوێژکردن بۆ ئامانجێکی خوایی. ئەو سێ مەبەستە سەرەکییە چین؟

١ - تۆبەکردن

٢ - داواکردنی یارمەتی لە خودا لە دۆخێکی قورس و گرنگدا

٣ - پەرستنی خودا

## بەشی پێنج

## چۆنیەتی رۆژووگرتن

زانیمان کە ڕۆژوو چییە و بۆچی پێویستە بەڕۆژوو بین، بەڵام ئێستا با بزانین دەبێت چۆن بەڕۆژوو بین بەپێی کتێبی پیرۆز. بیرمە جارێک لە کڵێساکەمان کە وتارمدا لەسەر رۆژووگرتن، دوای تەواوبوونی وتارەکە، هەندێک کەس هاتنە لام و چەندین پرسیاریان بۆ درووست ببوو سەبارەت بە وتارەکە. زۆربەی پرسیارەکانیان سەبارەت بە وردەکارییەکانی ڕۆژوو بوون، پرسیاریان دەکرد، بەپێی کتێبی پیرۆز ئاساییە ئاو بخۆینەوە؟ لە چ کاتێکدا دەست بە رۆژرووەکە بکەم و لە چ کاتێکیشدا بیشکێنم؟ دەتوانم چ جۆرە خواردنێک بخۆم یان نەخۆم؟

هیوادارم لەم نامیلکەیەدا ئەوەتان بۆ روون بێتەوە کە رۆژووگرتن تەنها پەیڕەوکردنی کۆمەڵێک یاسا نییە، بەڵکو پەیوەندی بە خۆشویستنمانەوە هەیە بۆ خودا، تا لەم رێگەیەوە بە دڵگەرمییەوە روو لە خودا بکەین بە نوێژکردن. بەڵام کاتێک بەڕۆژوو دەبین دەبێت بڕیار لەسەر شتگەلێک بدەین وەک؛ کەی دەست پێدەکەین، و کەی رۆژووەکە کۆتایی دێت، دەتوانم چی بخۆم و بخۆمەوە، یان چی نەخۆم و نەخۆمەوە؟

با بڕوانینە کتێبی پیرۆز و بزانین چی دەڵێت دەربارەی چۆنیەتی رۆژووگرتن. دوای سەیرکردنی ڕێنماییەکانی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە ڕۆژووگرتن، چەند پێشنیار و بیرۆکەیەک دەخەمەڕوو سەبارەت بە چۆنیەتی ڕۆژووگرتن کە زۆر سوودم لێ بینیووە لە ژیانی خۆم. بێگومان ئەمەش لە باوەڕدارانی دیکەوە فێربوومە و دەمەوێ لەگەڵ ئێوە بەشی بکەم.

با بچینە سەر مەتا ٦: ١٦-١٨...

[١٦] «کاتێک بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەک دووڕووان، چونکە ئەوان خۆیان پەرێشان دەردەخەن تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە بەڕۆژوون. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. [١٧] بەڵام تۆ کە بەڕۆژوو دەبیت، سەرت چەور بکە و دەموچاوت بشۆ، [١٨] تاکو بۆ خەڵک دەرنەکەوێت کە بەڕۆژوویت، تەنها بۆ باوکی نەبینراوت نەبێت، باوکیشت کە هەموو نهێنییەک دەبینێت، پاداشتت دەداتەوە.

پەیامی سەرەکی ئەو ئایەتانە چین؟ کاتێک بەڕۆژوو دەبیت، نابێت شانازی بەخۆت بکەیت و وا دەربخەیت کە بەرۆژوویت. مەبەستی ئەوە نییە کە گوناهە ئەگەر کەسانی تر بزانن

بەرۆژوویت، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە کە نابێت خۆت گەورە نیشان بدەیت لەبەر چاوی ئەوانتر بەهۆی ڕۆژوگرتنەکەتەوە.

بۆ نموونە، کاتێک بەڕۆژوو دەبم، من بە هاسەرەکەم دەڵێم کە بە رۆژووم، تا وا نەزانێت کە نان ناخۆم لەبەرئەوەیە کە نەخۆشم یان خواردنەکەیم پێ خۆشنییە. بەڵام بەوانی تر ناڵێم کە بەڕۆژووم بۆ ئەوەی خۆم بپارێزم لە لووتبەرزی. ئێمە بەڕۆژوو نابین بۆ وەرگرتنی ستایشی مرۆڤ، بەڵکو بەڕۆژوو دەبین بۆ ڕووکردنە خودا. بێگومان وەرگرتنی پاداشت لە خواوە بەراورد ناکرێت بە پاداشتی مرۆڤ.

ئەمە تاکە رێنماییە لە پەیمانی نوێ لەبارەی چۆنیەتی رۆژووگرتن. بەڕاستی. جگە لەمە، هیچ ڕێنماییەکی تر نییە لە ئینجیل لەبارەی چۆنیەتی ڕۆژووگرتن. دەزانم لە کڵێساکانی کاسۆلیک و ئۆرسەدۆکس و هەندێک کڵێساکانی تر مەرج و رێنمایی زۆریان هەیە لەبارەی چۆنیەتی رۆژووگرتن. بۆ نموونە، هەندێکیان چل ڕۆژ پێش جەژنی هەستانەوەی عیسای مەسیح دەست بە رۆژووگرتن دەکەن. لەم چل رۆژەدا زۆر مەرج و رێنمایی هەیە. بەڵام ئەم مەرج و ڕێنماییانە لە کتێبی پیرۆزەوە نین، بەڵکو ئەمە نەریتی کڵێسایە کە لە دەرەوەی کتێبی پیرۆزەوە هاتووە. ناڵێم کە ئەو ناریتانە باش و بەسوود نین، بەڵام دەبێت جیاوازی نێوان رێنمایی کتێبی پیرۆز و نەریتی دەرەوەی کتێبی پیرۆز بزانین.

لەبەرئەوەی کە کتێبی پیرۆز بەرزترین دەسەڵاتی ئێمەیە و بە وردی مەرج و ڕێنماییمان پێ نادات لەبارەی چۆنیەتی ڕۆژووگرتن، باوەڕداران ئازادن لە چۆنیەتی رۆژووگرتن بۆ ئەوەی ئامانجی رۆژووگرتن بەدی بهێنن کە رووکردنە خودایە بە نوێژکردن بە شێوەیەک کە گونجاو بێت لە گەڵ دۆخی کەسەکە.

پێش ئەوەی کە هەندێک ئامۆژگاری پراکتیکیت پێ بڵێم لەبارەی چۆنیەتی ڕۆژووگرتن، بزانە کە بەگشتی دوو جۆری ڕۆژووگرتن هەیە. یەکەم، ڕۆژووی بە کۆمەڵ و دووەم ڕۆژووی کەسییە. مەبەستم لە ڕۆژووی بە کۆمەڵ ئەمەیە کە ئەندامەکانی کڵێسا پێکەوە ڕۆژوودەگرن بۆ ئامانجێکی تایبەت بەپێی ڕێنمایی ڕابەرەکانی کڵێسا.

بۆ نموونە، پێشتر باسی کردار بەشی ١٣مان کردووە، ئایەتی ١ تا ٣ باسی ئەوە دەکات کە کاتێک کڵێسای ئەنتاکیا پێکەوە بەڕۆژوو دەبوون بۆ پەرستنی خودا، تەنها یەک کەس لە کڵێسا بەڕۆژوو نەبوو. هەموو ئەندامەکانی کڵێسای ئەنتاکیا پێکەوە بەڕۆژوو بوون بە ئامانجی پەرستنی خودا.

هەروەها، لە کردار ١٤: ٢١ - ٢٣، بینیومانە کە پۆڵس و بەرناباس لەگەڵ کڵێسا نوێیەکان بەڕۆژوو دەبوون بۆ دیارکیکردنی رابەران بۆیان. واتا ئەندامەکانی ئەم کڵێسایانە لەگەڵ پۆڵس و بەرناباس پێکەوە بەڕۆژوو دەبوون. هەروەها دوو نموونەکەی

تریش کە لە سەرەتاوە باسمان کردوون، لە پەیمانی کۆنەوە هاتوون، عەزرا بەشی ٨ و یەکەم ساموئێل بەشی ٧، باسی رۆژووی بە کۆمەڵی گەلی ئیسرائیل دەکات. واتا گەلی ئیسرائیل پێکەوە بەڕۆژوو دەبوون لە ژێر ڕابەرایەتیکردنی ساموئێل و عەزرا بۆ ئامانجێکی تایبەت.

لە کڵێساکەمان دوو جار رۆژووی بە کۆمەڵم راگەیاندووە، یەکەمجار حەفتەیەک پێش راگەیاندنی کردنی گرووپەکەمان بوو بە کڵێسایەکی سەربەخۆ. جاری دووەمیش هەینی چاک بوو، واتە هەینی پێش هەستانەوەی عیسای مەسیح بۆ ئەوەی زیاتر تەرکیز بکەینە سەر ئازارچەشتنی عیسای مەسیح لە پێناوماندا.

یەکەم جۆری رۆژووگرتن، واتە رۆژووی بە کۆمەڵ یەکگرتوویی کڵێسا بەهێز دەکات. ئەگەر پیرانی کڵێساکەت رۆژووگرتن رابگەیەنن بۆ ئەندامانی کڵێساکە، هانت دەدەم ملکەچی ڕابەرایەتیان بیت و لەگەڵ خوشک و برا ڕۆحیەکانت بەڕۆژوو بی بۆ پێکەوە ڕووکردنە خودا.

جۆری دووەمی ڕۆژوو، ڕۆژووی کەسییە، واتا کاتێک تۆ بەتەنیا، یان لەگەڵ یەک و دوو کەس، بەڕۆژوو دەبیت. بۆ نموونە، کاتێک مەسیح بەڕۆژوو بوو بۆ چل ڕۆژ، بەتەنیا بوو، هیچ کەسێکی تر لەگەڵی نەبوو. هەروەها، لە لۆقا ٢ کاتێک ئانا بەڕۆژوو بوو، بە تەنیا رۆژووی دەگرت. بۆیە گرنگە کە باوەڕدار جار جار بە تەنیا

بەڕۆژوو بێت بۆ ڕووکردنە خودا بە نوێژکردن بۆ ئەو مەبەستانەی کە باسمان کردن. لێرەدا بۆ ئەم جۆرەی ڕۆژوو، هەندێک پێشنیارم هەیە.

ئەم ئامۆژگاریە بۆ چۆنیەتی رۆژووگرتن لە ئەزموونی من و باوەڕدارانی ترەوە هاتووە. بەڵام ئەوە بزانە کە ئەمانە رێنمایی منن نەک کتێبی پیرۆز، بۆیە هەر چۆنێک بۆت دەگونجێ بەڕۆژووبە.

- ئاو بخۆوە تا بێهێز نەبیت

- سەبارەت بە کاتی دەستپێکردن و کۆتاییهێنان پێی، ئەوا ئازادیت کە لە چ کاتژمێرێک، لە شەو یان رۆژدا دەست پێ بکەیت و بە ویستی خۆت کۆتایی پێ بهێنیت. بۆ نموونە رەنگە بتەوێ لە بەیانییەوە دەست پێ بکەیت و نانی بەیانی و نیوەڕۆ نەخۆیت تا ئێوارە، ئێوارە رۆژووەکەت بشکێنیت. یان هەشتی ئێوارە دەست لە خواردن و خواردنەوە هەڵبگریت تا رۆژی دواتر، ١٢ی نیوەڕۆ رۆژووەکەت بشکێنی. یان بە هەرجۆرێک کە بۆت دەگونجێ رۆژووەکەت بگرە، دەکرێ ١٢ کاتژمێر بێت یان یان ٢٤، ئەوەش بەگوێرەی توانا و راهاتنی کەسەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە کاتێک دەستم کرد بە بەڕۆژووبوون، تەنها نانی بەیانی و نانی نیوەرۆم نەدەخوارد، نانی

ئێوارەم دەخوارد. دوای بەڕۆژووبوون بە نەخواردنی دوو ژەم بۆ چەندین جار، وای کرد کە رابێم کە بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرۆژوو ببم.

- لەبەرئەوەی ئامانجی رۆژووگرتن رووکردنە خودایە بە نوێژکردن، هانت دەدەم ئەو رۆژە سۆشیال میدیا و تەلەفزیۆن بەکار نەهێنیت. واتە لە هەر شتێک دووربکەوە کە تەرکیزت لەسەر خودا لادەبەن و لە نوێژکردن دوورت دەخەنەوە، وەک ئەپەکانی سۆشیال مێدیا یان هەر شتێکی تر. چونکە ئەو کاتەت دەگرن لەو رۆژەدا کە دەبێت بە تەواوی بۆ خودای تەرخان بکەیت بە نوێژکردن.
- هانت دەدەم کاتێک بەرۆژوویت، وردببەوە لە پەیامی خودا لە کتێبی پیرۆز. باوەڕداران گوێ لە خودا دەگرن بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و دڵیان هەڵدەڕێژن بۆ خودا بە نوێژکردن. بۆیە، بۆ ئەوەی رۆژووگرتنت پەیوەست بکەی بە گوێگرتن لە خودا لە کتێبی پیرۆزەوە، سیپارەیەک یان چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز هەڵبژێرە بۆ خوێندنەوە لە رۆژی رۆژووگرتنتدا.

- کاتێک ڕۆژوو دەگری، کاتەکانی ئاسایی نانخواردنت بەکاربهێنە بۆ نوێژکردن تێیدا. ئەگەر پێت بکرێ بچیتە شوێنێک یان ژوورێکی هێمن بۆ ئەوەی تەرکیزت لەسەر خودا نەڕوات، ئەوا زۆر باش دەبێت.

- بە گشتی بۆمان قورسە بۆ ١٥ خولەکێک نوێژ بکەین، بەڵام بۆمان ئاسانە دوو کاتژمێر لەگەڵ هاوڕێیەک قسە بکەین. گرنگە فێربین کە چۆن بە درێژی لەگەڵ خودا قسە بکەین. بۆیە، هانت دەدەم وا لە خۆت بکەی کە بە درێژی نوێژ بکەیت. با نوێژەکەت نزیکەی ٣٠ خولەکێک یان زیاتر بێت.

- ئەگەر بۆت گوجاو بێت، گۆرانی ڕۆحیش بڵێوە بۆ خودا. خودا گوتنەوەی گۆرانی ڕۆحی بەکار دەهێنێت بۆ وروژاندنی هەست و سۆزمان بۆ خۆی.

- هەروەها، کاتێک هەست بە برسیەتی دەکەی، با ئەو هەستە ببێتە هۆکار کە نوێژ بۆ خودا بکەیت.

- خشتەیەک بۆ ڕۆژووگرتنت دابنێ. ڕێژەی بەڕۆژووبوون بە گوێرەی کەسەکان دەگۆڕێت، هەندێک دوو حەفتە جارێک، یان مانگی جارێک، یان دوو مانگ جارێک بەڕۆژوو دەبن. بەڵام هەبوونی خشتەیەک بۆ بەڕۆژووبوون یارمەتیت

دەدات کە رۆژووگرتن پشتگوێ نەخەیت و بەردەوام بیت لەسەری.

ڕەنگە لە سەرەتادا ڕۆژووگرتن قورس بێت، بەڵام کۆڵ مەدە، چونکە باشتر دەبیت لە رووکردنە خودا بە رۆژووگرتن ئەگەر بەردەوام بە ڕۆژوو ببیت. کاتێک بەرۆژوو دەبیت، فێر دەبیت کە چۆن ئارەزووت بۆ خواردن کۆنترۆڵ بکەیت، و بەم شێوەیەش فێر دەبیت کە چۆن زاڵ ببیت بەسەر ئارەزووە دونیاییەکانت تا بۆ خودا بژیت. شەیتان دەیەوێ قەناعاتمان پێ بهێنێت کە ناتوانین بژین بەبێ تێرکردنی ئارەزووی خراپی دونیاییمان. بەڵام بە بەڕۆژووبوون، فێر دەبیت بە یارمەتی خودا ئارەزووی خراپی دونیایی ڕەت بکەیتەوە. هەروەها ئەوە فێر دەبیت کە خۆشی راستەقینە لەلای یەزدانەوەیە.

دەمەوێ کۆتایی بەم ناملیکە بهێنم بە هاندانی خۆمان لەبارەی بەڵێنێکی عیسای مەسیح بۆ ئێمە لە بەڕۆژووبوون. سەیری مەتا ٦: ١٧ - ١٨ بکە. مەسیح دەڵێت...

[١٧] بەڵام تۆ کە بەڕۆژوو دەبیت، سەرت چەور بکە و دەموچاوت بشۆ، [١٨] تاکو بۆ خەڵک دەرنەکەوێت کە بەڕۆژوویت، تەنها بۆ باوکی نەبینراوت نەبێت، باوکیشت کە هەموو نهێنییەک دەبینێت، پاداشتت دەداتەوە.

ئەگەر بەپێی خواست و ویستی خودا بەرۆژوو بین، ئەم ئایەتە بەڵێنی چیمان پێ دەدات؟ خودا پاداشتمان دەداتەوە. ئەم ئایەتانە بۆمان ڕوون ناکاتەوە کە بززەبەت چۆن خودا پاداشتمان دەداتەوە، بەڵام خودا متمانەپێکراوە. خودا باوکی ئێمەیە کە دەزانێت باشترین شتێک بۆ ئێمە چییە. بۆیە، هانت دەدەم؛ بەرۆژووبوون دوا مەخە، پلانێک دابنێ و دەست پێ بکە بۆ ئەوەی ڕوو لە خودا بکەیت بە نوێژکردن. بێگومان ئەگەر ئەوە بکەیت، دڵنیام کە خودا پاداشتت دەداتەوە.